# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٦٧) سالی بیست ویەکەم ٢٤/ حوزیران /٢٠٢١/ زاینیی ٣/ پوشپەڕ/ ٢٧٢١/ کوردی ١٤/ ذالقعدة/ ١٤٤٢

267

## لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١** ل ١
یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان

**بڕیار ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢١** ل ٤
بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

**فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٦٤)ی سالی ٢٠٢١** ل ٥
دامەزراندی (منی یوحنا یاقو) بە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

**پەیڕەوی ژمارە (١١)ی سالی ٢٠٢١ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٦
پەیڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٢
ڕێنمایی ڕێکخستنی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی داد** ل ١٦
ڕێنمایی پاراستنی و ڕێکخستنی دۆسیەکانی جێبەجێکردن

**ڕێنمایی ژمارە(٧) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٧
تایبەت بە(فەرمانبەرانی ناوەراست و خواروی عێراق)

**ڕێنمایی ژمارە(٨) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٧
تایبەت بە فەرمانبەری تەنسیب

**ڕێنمایی ژمارە(٩) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٨
ڕێنمایی وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان

**ڕێنمایی ژمارە(٥)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی** ل ١٩
ڕێنمایی لقی کۆمپانیاکانی بەغداد

**بەیانی ژمارە (٢٠ و ٢٢)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢١

**بەیانی ژمارە (٢١)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٢
هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١ تایبەت بە پێدانی ڤیزە

**بەیانی ژمارە (٤ و ٥)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ل ٢٤

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

نرخی ١٥٠٠ دینارە

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦٧) السنة واحد و عشرون ٢٤/ حزيران / ٢٠٢١ ميلادي ٣/ پوشپەر /٢٧٢١/ كوردي ١٤/ ذالقعدة /١٤٤٢ هجري

267

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


## في هذا العدد:


**القانون رقم (٣) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٥

قانون استيراد وخزن وبيع المنتجات النفطية في إقليم كوردستان - العراق

**قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٨

قرار يوم الصحافة الكوردية

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**أمر رقم (١٦٤) لسنة ٢٠٢١ رئاسة اقليم كوردستان** ص ٥

**نظام رقم (١١) لسنة ٢٠٢١ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٦

**تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ١٢

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة العدل** ص ١٦

**تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٧

**تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٧

**تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٨

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة التجارة و الصناعة** ص ١٩

**بيان رقم (٢٠ و ٢١ و ٢٢) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٢١

**بيان رقم (٤ و ٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٤



No. 267 Date: ,June , 24 , 2021 Vol.: 21

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



سعر ١٥٠٠ دينار

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

## بڕیار ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمووارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠٢١/٤/٢٠ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١
## یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ناوخۆیی، یان بیانی، تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، دەتوانن بەپێی ئەو خەسڵەتە جیهانییانەی وەزارەت دیاریدەکات، بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەمبار بکەن، بیگوازنەوە و بیفرۆشن، بەمەبەستی بەکاربردنی ناوخۆیی، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی بریکاری ڕێپێدراوەوە. بەرهەمەکانیش هەریەکە لە بەنزینی ئۆتۆمبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بەهەموو جۆرەکانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیری شل، پترۆ کیمیایی، و هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەت بڕیاری لەبارەوە دەدات، دەگرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم خشتەی پاشکۆ لە شێوەی ڕێنماییدا دەربکات، بەجۆرێك کە  هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانیەکانی ئەو بەرهەمە نەوتیانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١)ی ئەم یاسایە بکات، بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:-

١- پێبژاردنێکی دارایی لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
٢- ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو سەرپێچییە لە بڕی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو، ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.
٣- دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان.

**دووەم:** ناوی کۆمپانیای سەرپێچیکار و خاوەنەکەی دەخرێتە لیستی ڕەشی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ، و لیستەکە لەلایەن وەزارەت بڵاو دەکرێتەوە.

**سێیەم:** لە حـاڵەتی دووبـارەکردنەوەی سـەرپێچییەکانی ئامـاژە پێکـراو لە بـڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەوا کۆمپانیای سەرپێچیکار مـوڵەتی کـارکردنی لـێ وەردەگیـرێتەوە و ڕێگا نادرێـت جارێکی دیکە چالاکییەکانی خۆی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکاندا ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** کۆمپانیـا هاوردەکارەکـان بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەتـوانن وێسـتگەی فرۆشـتنی سوتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتیی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.

**دووەم:** ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بـواری عەمبـارکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتیـیە هاوردەکراوەکـان کـار دەکەن، نابێت لە هەمان کاتدا کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆییەکانیش بکەن.

**سێیەم:** هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بکات، بە پێبژاردنێکی دارایی بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار سزادەدرێت، و لەحـاڵەتی دووبـارە کـردنەوەی سەرپێچیەکە، بە پێبژاردنێکی دارایی کە بـڕەکەی ( ٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) حەوت سـەد ملیـۆن دینـارە سـزا دەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جـارێکی تـر چالاکییەکـانی لە بـواری بەرهەمە نەوتییەکـان ئەنجـام بدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەستبەسەر بەرهەمە نەوتییەکاندا دەگیرێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** کۆمپانیاکـانی هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان و کۆمپانیاکـانی عەمبـارکردن، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە بە مەرجەکـانی تەندروسـتی و سـەلامەتیی و پاراسـتنی ژیـنگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن.

**دووەم:** هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مـاددەیە بکـات بە پێبژاردنێکـی دارایی لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێت، سزادەدرێت.

**سێیەم:** لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی، کۆمپانیاکە بە پێبژاردنێکی دارایـی کە لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سـەد ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سـەد و پەنجـا ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت، سزادەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٥):**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆیان، چاودێری پابەند بـوونی کۆمپانیاکـان بەو مەرج و خەسـڵەتانەی لەم یاسـایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی (٦):**

ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراون، بەردەوام دەبن لە چالاکیەکانیان، و لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن.

**ماددەی (٧):**

ڕەسمی گومرگی و باج بەپێی یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، وەردەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

دادوەری لێکوڵینەوە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بەپێی حوکمەکانی تایبەت بە بڕیاری سزایی هاتوو لە یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو.

**ماددەی (٩):**

ئەگەر بەرهەمی ناوخۆ پێداویستی ناوخۆیی دابین نەکات، ڕێگە بە هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان دەدرێت.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١١):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە کواڵتییەکی باش بۆ هاوڵاتیان، و پاراستنیان لە لێکەوتە خراپەکانی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ سەر تەندروستی گشتی و ژینگە، و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەتدا، و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٦/١٣**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری**
**ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی ( یەکەم )ی ماددەی ( دەیەم ) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ٩ )ی رۆژی ٢٠٢١/٤/٢١ پەسەندی کردووە.

**بڕیاری رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی**

**یەکەم:** رۆژی ( ٢٢ )ی نیسانی هەموو ساڵێک بە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێت.

**دووەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی، وەک بۆنەیەکی نیشتیمانی یادی ئەم رۆژە بەرز ڕادەگرن و حکومەتی هەرێم هاوکار دەبێت بۆ یادکردنەوەی.

**سێیەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەلایەن (میقداد میدحت بەدرخان)ـەوە لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە مێژوویی و بەرچاوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردیی لە پاراستنی زمان و کولتور و پیشەی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و بەرە و پێشبردنی کۆمەڵگادا بینویەتی، ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٥/٣٠**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**فەرمانی هەرێمی**
**ژمـارە (١٦٤)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێی برگەی (دووەم)ی ماددەی (پێنجەم)ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی پەسەندکردنی پاڵاوتنی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان :

بڕیارمان دا بە:

١- دامەزراندی بەرێز (منی یوحنا یاقو) بە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بە پلەی بریکاری وەزارەت.

٢- ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٦/٣**

**سەرۆكايەتى ئەنجومەنى وەزيران**

**ژمارە : ٧٣٢٧ لە ٢٠٢١/٦/٢٠**

پشتبەست بە حوكمەكانى بڕگەى (يەكەم) لە ماددەى (چل و پێنجەم) لە ياساى وەزارەتى خوێندنى باڵا و توێژينەوەى زانستى هەرێمى كوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ى ساڵى ٢٠٠٨ى هەمواركراو، و ماددەى (٥٠) لە ياساى خزمەتى شارستانى ژمارە (٢٤)ى ساڵى ١٩٦٠ى هەمواركراو، و بڕگەى (٣) لە ماددەى (هەشتەم) لە ياساى ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستان- عێراق ژمارە (٣)ى ساڵى ١٩٩٢ى هەمواركراو، ئەنجومەنى وەزيران لە كۆبوونەوەى ئاسايى خۆى ژمارە (٥٣) لە ڕێكەوتى٢٠٢١/٣/١٠ ئەم پەيڕەوەى دەركرد:

**پەيڕەوى ژمارە (١١)ى ساڵى ٢٠٢١**

**پەيڕەوى پێدانى مۆڵەتى خوێندن لە هەرێمى كوردستان-عێراق**

**ماددەى (١):**

وەزارەتى خوێندنى باڵا و توێژينەوەى زانستى هەرێمى كوردستان- عێراق (كە لەمەودوا لەم پەيڕەوەدا بە وەزارەت ناوى دێت) ساڵانە پێش دەستپێكردنى ساڵى خوێندن ئەم زانيارييانەى خوارەوە دەداتە سەرجەم وەزارەتەكان و لايەنەكانى نەبەستراو بە وەزارەت (كە لەمەودوا لەم پەيڕەوەدا بە لايەنى پەيوەنديدار ناويان دێت) و لە ماڵپەڕى فەرمى وەزارەت بڵاو دەكرێتەوە:

**يەكەم:** ليستى ئەو پسپۆڕييانەى كە لە زانكۆكانى هەرێمى كوردستان دەستەبەرن بۆ خوێندنى دبلۆمى باڵا و ماستەر و دكتۆرا.

**دووەم:** ليستى زانكۆ و دامەزراوەكانى خوێندنى باڵا لە دەرەوەى وڵات كە لەلايەن وەزارەت باوەڕپێكراون.

**سێيەم:** ڕێنماييەكانى يەكسانكردنى بڕوانامەكان.

**چوارەم:** ئەم پەيڕەوە و ڕێنماييەكانى جێبەجێكردنى ئەم پەيڕەوە.

**ماددەى (٢):**

**يەكەم:** لايەنى پەيوەنديدار، لە سەرەتاى هەموو ساڵێكى خوێندندا پێداويستييەكانى لە (پسپۆڕى، ژمارەى كورسييەكانى خوێندن، جۆرى بڕوانامە، و بابەتى توێژينەوەى ماستەرنامە و تێزى دكتۆرا) دەداتە وەزارەتى پلاندانان.

**دووەم:** وەزارەت لەگەڵ وەزارەتى پلاندانان، ساڵانە پلانێكى ناوەندى بۆ ژمارەى كورسييەكانى خوێندن و پسپۆڕييەكان و جۆرى بڕوانامەكان بۆ لايەنە پەيوەنديدارەكان دادەنێن، نابێت لە دەرەوەى ئەو پلانە مۆڵەتى خوێندن بدرێت، جگە لەو زەمالە فەرمييانەى كە لەلايەن وڵاتان و زانكۆ و دامەزراوەكانى خوێندنى باڵا لە دەرەوەى هەرێم دەبەخشرێن و وەزارەت ڕايانەگەيەنێت، يان ئەو زەمالە فەرمييانەى كە لەلايەن وڵاتان و زانكۆ و دامەزراوەكانى خوێندنى باڵا لە دەرەوەى هەرێم دەبەخشرێن يان ڕادەگەيەنرێن، و باوەڕپێكراون لەلايەن وەزارەت.

**سێیەم:** ئەو پلانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە، لە ماوەیەک کە سالانە لە کۆتایی مانگی (ئادار) تێپەڕ نەکات، لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

**چوارەم:** بۆ خوێندنی دەرەوەی وڵات، وەزارەتی پلاندانان ناو و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانە دەداتە وەزارەت کە لە پێشبڕکێی بەدەستهێنانی مۆڵەتی خوێندندا سەرکەوتوو بوون، لە ماوەیەکدا کە سالانە لە کۆتایی مانگی (حوزەیران) تێپەڕ نەکات، بۆ ئەوەی وەزارەت دۆسیی خوێندنیان بۆ بکاتەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕێکاری پێدانی مۆڵەتی خوێندنیان بۆ ئەنجام بدەن بەپێی ئەم پەیڕەوە.

**پێنجەم:** بۆ خوێندن لە ناوەوەی وڵات، تەنها پێدانی لاری نەبوونی لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە پێشبڕکێی وەرگرتن لە چوارچێوەی پلانی پەسەندکراو.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار، لیژنەیەکی ناوەندی بە ناوی (لیژنەی مۆڵەتی خوێندن) پێکدێت، بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، لەگەڵ دوو ئەندام کە پلەی وەزیفییان لە (بەڕێوەبەر) یان هاوتای ئەو پلەیە کەمتر نەبێت و یەکێکیان بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری یاسا، جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پێویستە سەرجەم سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە پلەیان لە (بەڕێوەبەری گشتی) کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، وردبینی ئەو داواکارییانە دەکات کە لەلایەن فەرمانبەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم پەیڕەوە و ڕێنماییەکانیدا دیاری کراون.

**سێیەم:** لیژنەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ڕاسپاردەکانی بە کۆنووسێک بۆ وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار بەرز دەکاتەوە، بە مەبەستی پەسەندکردنی.

**چوارەم:** لیژنەی هاوبەش لە نێوان وەزارەت و وەزارەتی پلاندانان پێکدەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بۆ وردبینیکردنی ئەو تانانەی کە لەسەر ئەنجامی پەسەندکراوی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە پێشکەش دەکرێن.

**ماددەی (٤):**

وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتی خوێندن لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات دەدات بە فەرمانبەر بە مووچە و دەرماڵە جێگیرەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەبێت پلەی وەزیفی فەرمانبەر، لە پلە یەک و خوارتر بێت بەپێی خشتەی کارپێکراوی پلەی وەزیفی و مووچە، کە لە پاشکۆی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨دا ئاماژەی پێکراوە.

**دووەم:** وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان، ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تا لەو پلەیەدان ناتوانن داوای مۆڵەتی خوێندن بکەن. بە پێچەوانەوە بڕوانامەکانیان یەکسان ناکرێت و هیچ ماف و ئیمتیازاتێکیان پێنادرێت، حوکمەکانی ئەم بڕگەیە حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم پەیڕەوە ناگرێتەوە.

**سێیەم:** فەرمانبەر دەبێت بڕوانامەی لە زانکۆ یان دامەزراوەیەک وەرگرتبێت کە لەلایەن وەزارەت باوەڕپێکراو بێت و ڕاستاندن یان یەکسانکردن بۆ بڕوانامەکەیان کرابێت، و دەبێت بڕوانامە و پسپۆڕیی خوێندنی فەرمانبەر پەیوەندی بە پسپۆڕیی بڕوانامەی خوێندن و کاری فەرمانبەرەوە هەبێت، فەرمانگەکەشی پێویستی بەم بڕوانامە و پسپۆڕییە هەبێت.

**چوارەم:** فەرمانبەر دەبێت لە ڕۆژی داواکردنی مۆڵەتی خوێندن (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەکی لە ڕاژە تەواوکردبێت پاش وەرگرتنی دوایین بڕوانامەی پەسەندکراوی.

**پێنجەم:** فەرمانبەر دەبێت نووسراوی وەرگرتن (قبول)ی لە یەکێک لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەت بەدەستهێنابێت.

**شەشەم:** فەرمانبەر ناتوانێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس داوای مۆڵەتی خوێندن لە دەرەوەی عێراق بکات.

**ماددەی (٥):**

لایەنی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، بنەماکانی پێشبڕکێ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن دادەنێن و سیستمی خاڵبەندی پەیڕەو دەکرێت، بە ڕەچاوکردنی (کۆنمرەی بەکالۆریۆس/ ماستەر، ساڵانی خزمەت، توێژینەوەی زانستی، توانستی زمانی ئینگلیزی، چاوپێکەوتن) لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی تەمەنیان کەمترە، هەروەها هەر پێوەرێکی دیکە کە لایەنی پەیوەندیدار دیاری دەکات.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت دەبێت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

١- پابەندبوون بە بەڵێننامە و گرێبەستی تایبەت بە مۆڵەتی خوێندن.

٢- مەرج نییە پابەندیی خزمەتکردن لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمان ئەو فەرمانگەیە بێت کە لە سەرەتادا مۆڵەتی خوێندنەکەی لێ وەرگرتووە، بەڵکو بەپێی پێویستی سوود لە ڕاژەکەی وەردەگیرێت لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣- پێشکەشکردنی دەستەبەرێکی دارایی کە بڕەکەی لانی کەم بارتەقای تێچووی خوێندن و ئەو دەرماڵە و خەرجییانە بێت کە لە ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی وەریدەگرێت.

٤- لە ئەستۆگرتنی هەموو ئەو تێچووە داراییانەی کە لەماوەی خوێندنەکەیدا بۆی خەرج کراوە، بە مووچەی مانگانەشەوە لە حاڵەتی سەرنەکەوتن، جگە لە حاڵەتەکانی سەرنەکەوتن بە هۆی نەخۆشییەوە کە ڕێگربێت لە بەردەوامبوون لە خوێندن بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆڕەوە، و یان بە هۆی ئەو حاڵەتە کتوپڕانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەردەوامبوونی خوێندن.

**دووەم:** وردەکاریی خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەستنیشان دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** وەزیر یان سەرۆکی لایەنی پەیوەندیدار، دەتوانێت مۆڵەتی خوێندنی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە لە کاتی پێویستدا و پاڵپشت بە پشتگیری دامەزراوەی خوێندنی فەرمانبەر، بە مەرجێک فەرمانبەر پێش کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی داواکاری پێشکەش بکات، و درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بەم شێوەیە دەبێت:

١- درێژکردنەوەی یەکەم بۆ ماوەیەک دەبێت کە لە (٦) شەش مانگ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندن دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٢- درێژکردنەوەی دووەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی یەکەم دەستپێدەکات، بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان دەبێت.

٣- درێژکردنەوەی سێیەم بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتاییهاتنی درێژکردنەوەی دووەم دەستپێدەکات، بە بێ مووچە دەبێت.

**دووەم:** هەر فەرمانبەرێکی مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکەی و ئەو درێژکردنەوانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتوون، خوێندنەکەی تەواو نەکردبێت و بڕوانامەکەی بەدەست نەهێنابێت، ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەنرێت بە ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم/ ٤) لە ماددەی (٦)ی ئەم پەیڕەوە و ماوەی خوێندنەکەی بە مۆڵەتی بێ مووچە ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ماوەی پێویستی پێ دەدرێت بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ماوەی مۆڵەتی خوێندنەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی ماوەی (٦) شەش مانگ، و دەکرێت (٣) سێ مانگی دیکەی بۆ درێژبکرێتەوە.

**دووەم:** بۆ خوێندنی زمانەکانی دیکە ماوەی (١) یەک ساڵ، بێ ئەوەی مافی درێژکردنەوەی هەبێت.

**سێیەم:** فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن، ماوەی فێربوونی زمانی پێ نادرێت ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات. یان ئەگەر دەرچووی زانکۆ یان دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای تایبەت بە زمانی ئەو وڵاتە بێت کە خوێندنەکەی لێ تەواو دەکات.

**چوارەم:** ئەو زانکۆ و دامەزراوانەی خوێندنی باڵا کە فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن ناچار دەکەن بە خوێندنی زمان، لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم ماددەیە دەبەخشرێن.

**ماددەی (٩):**

ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ماوەی مانەوەی فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە وڵاتی خوێندن نابێت پچرپچڕ بێت.

**دووەم:** بۆ خوێندنی ماستەر ماوەی مانەوە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** بۆ خوێندنی دکتۆرا ماوەی مانەوە لە (٢) دوو ساڵی ئەکادیمی کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی ئەژمارکردنی بڕوانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)ی ئەو فەرمانبەرانەی هەیە کە لە کاتی مۆڵەتی هاوەڵی هاوسەر بڕوانامەکانیان بەدەست هێناوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی وەزاری بەپێی ئەم پەیڕەوە، لەسەر داواکاری و پێداویستی لایەنی پەیوەندیدار بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- بڕوانامەکانیان لەو زانکۆیانە بەدەست هێنابێت کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دانپێنراوە و هەموو مەرجەکانی دیکەی بەدەستهێنانی بڕوانامە و ڕاستاندنی بڕوانامەی تێدابێت ئەگەر بڕوانامەکەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت .

٢- پێویستە بڕوانامەکەی لە هەمان پسپۆڕێتی بێت .

٣- هیچ پابەندبوونێکی دارایی لەسەر حکومەت دروست نەکات تایبەت بە ماوەی تەواوکردنی خوێندنەکەی.

٤- پابەند بێت بە خزمەتکردن لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لایەنی پەیوەندیدار بۆی دیاری دەکات بەپێی پێداویستی پسپۆڕیی و ڕاژەکەی.

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم ماددەیە ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە هەبوون لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی (١١):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێک ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە بێت.

**ماددەی (١٢):**

وەزارەت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (١٣):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم پەیڕەوە**

لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و ڕێکخستنی مۆڵەتی خوێندن بەپێی پێداویستی لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێگای هەماهەنگی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی پلان و ئەو پسپۆڕییانەی بۆ گەشەپێدانی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان گرنگن، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی، لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و شەفافیەت و پەیڕەوکردنی سیستمی خاڵبەندیی لە دەستنیشانکردنی پێشکەشکاران، ئەم پەیڕەوە دەرکرا.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١١٠٠٠ لە ٢٠٢١/٦/١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧) لە پەیڕەوی ڕێکخستنی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری پاسەوانی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):** هێنانەکایەی (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی) و ڕاستەوخۆ بە وەزیری ناوخۆ پەیوەست دەکرێت.

**ماددەی (٢):** پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی لەو بەش و هۆبانە پێك دێت کە لە پاشکۆی ژمارە (٣)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**ماددەی (٣):**

١- ئەفسەرێك دەست نیشان دەکرێت کە پلەی لە (عقید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

٢- ئەفسەرێك وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری پاسەوانی دەست نیشان دەکرێت کە پلەی لە (مقدم) کەمتر نەبێت و دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت.

٣- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری پاسەوانی لە لایەن وەزیری ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت کە بەپێی (٣) سێ (CV) بۆ هەر یەکێکیان پێشکەشی وەزیر دەکرێت.

**ماددەی (٤):** پێناسەی کاری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی و ئەرك و بەرپرسیارەتی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و بەرپرسی بەشەکان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ستانددەردی (ISO 9001:2015) دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٥):** بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسەوانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس دەترازێنرێن و پەیوەست دەکرێن بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی لە دوای دەست بەکاربوونی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکەی لە باڵەخانەی تایبەت بەو بەڕێوەبەرایەتیە.

**ماددەی (٦):**

١- یەکە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسەوانی لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان دەگوازرێنەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی.

٢- بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی پاسەوانی لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان دەگوازرێنەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی.

٣- بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

٤- لە دوای جێبەجێ کردنی بڕگەی (٣)ی سەرەوە هیچ لەو یەکە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) بۆیان نیە پاسەوان دابنێن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە پەیڕەوی ژمارە (١٢) دەیانگرێتەوە وهەر کەس و لایەنێکی تر

٥- یەکەیەکی ژمێریاری سەربەخۆ بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی دادەمەزرێت.

**ماددەی (٧):**

لیژنەیەك پێك دێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەرانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) و بەڕێوەبەری پاسەوان و یاریدەدەرەکەی بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوان بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت بە ڕەچاوکردنی خشتەی (١و٢)ی پەیرەوی ژمارە (١٢).

٢- دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوان بۆ بارەگا و کەسایەتیە حزبیەکان و ئەو بەرپرسانەی کە لە ژیاندا ماون و کۆچی دواییان کردووە یان شەهید بوون بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٢)ی پەیڕەوی ژمارە (١٢).

٣- لیژنەی باڵا چەند لیژنەیەکی لاوەکی پێك دەهێنێت بەمەبەستی ئامادەکردنی لیستی پاسەوانانی بەپێی ئەو فۆرمەی کە لە پاشکۆی (٤)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٤- پێویستە لیژنەی باڵا لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژ لە بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە کارەکانی کۆتایی بێنێت و بەراپۆرتێك بەرزی بکات بۆ وەزیری ناوخۆ بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٥- لیژنەی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری پاسەوانی و یاریدەدەرەکەی پاکسازی لە لیستی پاسەوانی بەرپرسان کە لە خشتەی (١ و ٢)ی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٨):**

١- ئەو پاسەوانەی کە زیاد دەبن دوای پاکسازی لە لیستی پاسەوانان دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەر میلاکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕاژەکانیان.

٢- ئەو پاسەوانەی کە زیاد دەبن دوای پاکسازی لە لیستی پاسەوانان لە وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) دەگەڕێنەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕاژەیان.

**ماددەی (٩):** وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە گۆڕانکاری بکات لە خشتەی ژمارەی (١ و ٢)ی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە بەپێی پێویست.

**ماددەی (١٠):** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی پێگیر بن بە پەیڕەوی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١١):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بەرکاربوونی پەیرەوەی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**خشتەی ژمارە (١) ژمارەی پاسەوانەکانی بەرپرسانی حکومی**

| ز | پۆست | ژمارەی پاسەوان | |
|---|---|---|---|
| | | لە کاتی خزمەت | بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ لە دوای خانەنشینی |
| ١ | وەزیر و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن | ١٠ | ٢ |
| ٢ | بریکاری وەزارەت | ٥ | ١ |
| ٣ | ئەندام پەرلەمان | ٣ | ١ |
| ٤ | پارێزگار | ٨ | ٢ |
| ٥ | سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا | ٣ | ١ |
| ٦ | جێگری پارێزگار | ٢ | ١ |
| ٧ | سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان | ٦ | ١ |
| ٨ | جێگری سەرۆک و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان | ٣ | ١ |
| ٩ | سەرۆکی دادگاکان (جگە لە دادگا سەربازییەکان) | ٣ | ١ |
| ١٠ | دادوەر (جگە لە دادوەری سەربازی) | ٢ | ١ |
| ١١ | قائیمقام | ٢ | - |
| ١٢ | بەڕێوەبەری ناحیە | ٢ | - |
| ١٣ | سەرۆکی داواکاری گشتی | ٣ | ١ |
| ١٤ | ئەندامی داواکاری گشتی | ٢ | - |
| ١٥ | بەڕێوەبەری گشتی لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە | ٣ | ١ |
| ١٦ | پشکنەری کارگێڕی لە وەزارەتی ناوخۆ | ١ | - |

**خشتەی ژمارە (٢) ژمارەی پاسەوانەکانی بەرپرسە سەربازییەکان(لە کاتی خزمەت و خانەنشینکردن)**

| ز | پلە | ژمارەی پاسەوان لە کاتی خزمەت | ژمارەی پاسەوان لە کاتی خانەنشینی |
|---|---|---|---|
| ١ | فریق اول | ٤ | (٢) پاسەوان تا لە ژیان ماون |
| ٢ | فریق | ٣ | (٢) پاسەوان تا لە ژیان ماون |
| ٣ | لیوا | ٢ | (١) پاسەوان تا لە ژیان ماون |
| ٤ | عمید | ١ | (١) پاسەوان بۆ ماوەی (١) ساڵ |
| ٥ | عقید | ١ | (١) پاسەوان بۆ ماوەی (١) ساڵ |

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**پەیکەری رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی**



**پاشکۆی ژمارە (٤)**

وێنەی رەنگاورەنگ
٣×٤ سم
بە جل و بەرگی
سەربازی

**تێبینی:** پێویستە ئەم فۆرمە بە کۆمپیتەر پر بکرێتەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی سیانی پاسەوان | | بەرواری دامەزراندن | |
| ژمارەی فەرمانی دامەزراندن | | بەروار | |
| پلە | | لە دایك بوون | |
| سالآنی خزمەت | | شوێنی پاسەوانی | |
| بەرێوەبەرایەتی یان یەکە | | وەزارەت | |
| ناوی سیانی ئەو کەسە کە پاسەوانی لێ دەکات | | | |
| پلەی حکومی یان حزبی ئەو کەسەی کە پاسەوانی لێ دەکات | | | |
| شوێنی کارکردنی ئەو بەرپرسە حکومی یان حزبیەی کە پاسەوانی لێ دەکات | | | |

**واژوو و ناوی پەنجەمۆری پاسەوان**　　**واژوو و ناوی رێکخەری فۆرم**　　**واژوو و ناوی بەرێوەبەری ڕاستەوخۆ**

**پەسەندکردنی لیژنەی بالآ**

**ئەندام**　　**ئەندام**　　**ئەندام**

**ئەندام**　　**ئەندام**　　**ئەندام**

**ئەندام**　　**ئەندام**

**سەرۆکی لیژنە**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤٢٤ لە ٢٠٢١/٦/١٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٩/ بڕگەی سێیەم) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکانی تایبەت بە دۆسیەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان؛ ئەم ڕێنماییەمان دەرچواند.

**ڕێنمایی ژمـارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی پاراستنی و ڕێکخستنی دۆسیەکانی جێبەجێکردن**

**مـاددە (١):**

بەرپرسی هۆبەی دۆسیەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن، هەڵدەستێن بە ئەنجامدانی بەدواداچوونی تەواوی ئەو دۆسیانەی لە هۆبە دەردەچێت و بۆ ئەو مەبەستە تۆمارێکی تایبەتمەند ڕێکدەخرێت و ژمارەی دۆسیەکان تۆمار دەکرێن بەمەبەستی پاراستنی، وە بەرپرسی هۆبە بەرپرسیاریەتی بزر بوون یاخود دوا کەوتنی گەڕاندنەوەی دۆسیەکان بێ هۆکاری دیاریکراو یاخود وونبوونی پەڕاو و بەڵگەنامەکانی ناو دۆسیەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

**مـاددە (٢):**

لاپەڕەکانی ناو دۆسیەکانی جێبەجێکردن ژمارە بەندی (ترقیم) دەکرێن.

**مـاددە (٣):**

پێویستە دۆسیەکانی جێبەجێکردن بەپێی تایبەتمەندی بابەتەکان دابەش بکرێن بەسەر جێبەجێکارانی دادی هەمان فەرمانگە، و مەرج نیە بۆ ئەم مەبەستە جێبەجێکاری داد تایبەتمەند بێت لەیەک جۆری دۆسیەکانی جێبەجێکردن، ئەم دابەش کردنە بە فەرمی جێگیر دەکرێت.

**مـاددە (٤):**

نابێت بەهیچ شێوەیەک دۆسیە بدرێتە دەست هیچ کەسێک، ئەرکی فەرمانبەری تایبەتمەندە دۆسیەکە بگەیەنێتە دەست لایەنی پەیوەندیدار.

**مـاددە (٥):**

پێویستە ناو و ناونیشانی خاوەن قەرز و قەرزار و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان لەسەر دۆسیەکانی جێبەجێکردن بنووسرێت.

**مـاددە (٦):**

ئەرکی لێپرسراوی هۆبەی دۆسیەکانە، بەدواداچوون بۆ گەڕانەوەی دۆسیەکان بکات و وردبینی تەواوی لاپەڕەکانی دۆسیەکە بکات پاش گەڕانەوەی.

**مـاددە (٧):**

بۆ هیچ جێبەجێکارێکی داد نیە هەڵبستێت بە ڕێکارەکانی جێبەجێکردن لە دۆسیەیەکی جێبەجێکاری کە نەخراوەتە ئەستۆی ئەو و تایبەتمەند نیە بە بینینی و بڕیاردان لە ناوەڕۆکی بەتەنها، ئەگەر دۆسیەکی بۆ ڕوانە نەکرابێت بە شێوەیەکی فەرمی لەبەر نەبوونی جێبەجێکاری تایبەتمەند.

**مـاددە (٩):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت، لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داراییی و ئابووری**

**ژمارە: ٤٥٨٨ لە ٢٠٢١/٦/٨**

پاڵپشــت بە نووســراوی ســەرۆکایەتی ئەنجــوومەنی وەزیــران ژمــارە/ ٣٥١١لە ٢٠٢١/٤/٦ بڕیــاردرا بەدەرکردنی ئەم رێنماییە :-

**رێنمایی ژمارە(٧) ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە(فەرمانبەرانی ناوەراست و خوارووی عێراق)**

١- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی لە ناوەراست و خوارووی عێراق لەسەر میلاکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ میلاکیان گوازراوەتەوە یاخود دەگوازرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پێویستی دام و دەزگاکان ، پێویستە هاوشێوەی هاوتاکانیان لە فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت و نابێت هیچ جۆرە جیاوازییەک بمێنێت لە مووچەکانیان .

٢- کار بە هیچ رێنماییەك و گشتاندنێك ناکرێت تایبەت بۆئەوانەی لە خاڵی (١)ی سەرەوەدا هاتووە

٣-ئەم ڕێنماییە کاری پێ دەکرێت لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی داراییی و ئابووری**

**ژمارە: ٤٥٨٧ لە ٢٠٢١/٦/٨**

**رێنمایی ژمارە(٨) ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە فەرمانبەری تەنسیب**

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣٢٠٧ لە ٢٠٢١/٣/١٦ و دوا بەدوای رێنماییمان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

١- (استثناء)کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە بۆ نووسینگەی بریکاری وەزارەتەکان تەنسیب دەکرێن لە خاڵی (٥)ی رێنمایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە و مووچە و دەرماڵەکانیان لە رێکەوتی دەست بەکاربوونیان بە درێژایی ماوەی تەنسیبەکە لە فەرمانگەکەی خۆیان خەرج بکرێت نەک ئەو فەرمانگەیەی بۆی تەنسیب کراون.

٢- ئەم ڕێنماییەکاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٥٠٦٣ لە ٢٠٢١/٦/٢٢**

## ڕێنمایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦ لە ٢٠٢١/١/١٠) خاڵی (٩)نۆیەم باجی فرۆشتن (ضريبة المبيعات) دەخرێتە سەر شوێنە گەشتیارییەکان کە چوار ئەستێرەو بەسەرەوەن بەو شێوەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە :-

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان/ بەڕێوەبەرایەتی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ/ بەرپرسیارەتی وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان (ضريبة المبيعات) بە ڕێژەی(١٠%) دە لە سەد دەگرێتە ئەستۆ لە بەهای سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە وکافتریا و باڕ و یانەی شەوانەو شوێنی هاوشێوەیان کە چوار ئەستێرەو بەسەرەوەن پێشکەش دەکەن.

**دووەم:** هەروەك لە خاڵی یەکەمی ئەم ڕێنماییە داهاتووە کارگێڕی شوێنە گەشتیاریەکان (أدارة المرافق السياحية) پابەند دەکرێن بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی تایبەتی مانگانە کە تێیدا بەهای خزمەتگوزاریە پێشکەش کراوەکان و بڕی باجی وەرگیراو بە گوێرەی ئەو ڕێژەی کە دیاری کراوە تۆمار دەکرێت، هەروەها ئەو بڕە باجەی کە باجی فرۆشراوەکانە بۆ ئەژماری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان/ بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتەکان) وەردەگیرێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژی مانگی دوای ئەو مانگەی کە باجەکەی تێدا جێگیر بوە ، وە لەکۆتایی ساڵی دارایی پێویستە ڕاپۆرتی ساڵانە پێشکەش بکات بە مەرجێک کاتی پێشکەش کردنی نەگاتە (٣/١) .

**سێیەم:** کاتی وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزارییەکان بە دراوی بیانی کارگێڕی شوێنە گەشتیارییەکان لەسەریەتی وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان هاوتا بکات بە دیناری عێراقی بەو نرخەی کە بەفەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێم دیاری دەکرێت .

**چوارەم:** أ- سەرجەم ئەو لایەنانەی کە ناویان هاتووە لە خاڵی یەکەمی ئەو ڕێنماییە ئەگەر هاتوو لە وادەی دیاری کراو کە لە خاڵی دووەمی ئەو ڕێنماییە دیاری کراوە باجی کەوتووی پێشکەش نەکات ئەوە سزا دەدرێت بە بڕی(١٠%) دە لە سەد لە باجی کەوتوو وە سووی بانکی دەکەوێتە سەر بە (١,٥%) ی مانگانە

**ب-** لە کاتی بوونی هەر سەر پێچیەک و خۆدزینەوەیەک لە باج لەلایەن کارگێڕی ئەو شوێنانەی کە لە خاڵی یەکەمی ئەو ڕێنماییە دیاری کراوە یا هەر لایەنێکی تری پەیوەندیدار.ئەوە سەرجەم ماددەو برگەکانی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراوی لەسەر جێبە جێدەکرێت، ئەگەر هاتوو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت تۆمارکرابوون ، بەڵام ئەگەر لە بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران تۆمارکرابوون ئەوە بە بڕیاری ژمارە (١٠٢) ساڵی ٢٠١٧ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت .

**پێنجەم:** ئەو شوێنە گەشتیاریانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە، پابەند دەکرێن بەدانانی تۆمارێکی تایبەت بۆ دیاری کردن و جێگیرکردنی باجی وەرگیراوی فرۆشراوەکان، زانیارییەکانی نێو ئەو تۆمارەش ملکەچ دەبێت بۆ چاودێری کردن و ووردبینی کردنی وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجەوە.

**شەشەم:** پێویستە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییە دوای بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقايعی كوردستان).

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی**
**ژمارە : ٢٦٥٥ لە ٢٠٢١/٦/١٥**

پاڵپشت بەناوەرۆکی مادده (٦) بڕگە (٢)ی لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٠، و لەبەر رۆشنایی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ ی هەمواركراو بە بریاری ژمارە (٦٤)ی ساڵی ٢٠٠٤، بە مەبەستی رێکخستنەوەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد تۆمارکراون و دەیانەوێت لقی کۆمپانیا بکەنەوە و متمانەی بەراییەکانی کۆمپانیا لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەربکەن، ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١**
**رێنمایی لقی کۆمپانیاکانی بەغداد**

١- پێویستە پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن لەگەڵ پەسەندکردنی سەرجەم سەرەتاکانیان.
٢- لە ماوەی دوو مانگی سەرەتای هەموو ساڵێک پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەوامی کۆمپانیا لە رووی یاسایی.
٣- ئەو کۆمپانیایەی لە هەرێم کاردەکات بەپێی بڕگە و ماددەکانی ئەم رێنماییە کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی نییە، بەڵکو نوێنەری کەسایەتی مەعنەوی کۆمپانیای تۆمارکراوی بەغدایە.
٤- ئەو کۆمپانیایەی ئەم رێنماییە دەیگرێتەوە، پابەند دەکرین بە جێبەجێ کردنی یاسا و رێنماییە بەرکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی کۆمپانیاکانی دامەزراو لەهەرێمی کوردستان.
٥- پێشکەشکردنی گرێبەستی خانووی پەسەندکراو یان تاپۆی موڵک بەناوی کۆمپانیای دایک بۆ شوێنی بارەگای لق.
٦- نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکرێت لە هەرگۆڕانکاریەک دەکرێت سەبارەت بە شوێنی نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیا و گۆڕینی بەرێوەبەری لق و هەرگۆڕانکاریەک لە گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا دەکرێت.
٧- پێویستە لقی کۆمپانیا دۆسیە لە فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و باجی تایبەتمەند بکاتەوە دوای دەرچوونی بڕیاری رەزامەندی کردنەوەی لق.

٨- لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری کردنەوەی لق پێویستە دوایین ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیای دایک پێشکەش بکات.

٩- دانان و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بەرێوەبەری لق بە کۆنووسێکی پەسەندکراو.

١٠- کار بە هیچ رێنماییەک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم رێنماییە بێت.

١١- ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ، وە لە (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەرچواندنی ئەم رێنماییە**

رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەلومەرجێکی تایبەت دەرکراوە کە ناگونجێت لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ. هەروەها ئاستەنگێکی زۆری دروستکردووە لەبەردەم کۆمپانیاکانی بەغدا کە دەیانەوێت وەبەرهێنان لە کوردستان ئەنجام بدەن. وە بەمەبەستی مامەڵەی هاوشێوە کە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی بەغداد لەگەڵ کۆمپانیاکانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دەیکات بۆ کردنەوەی لق و پێدانی متمانەی بەراییەکانی کۆمپانیا، ئەم رێنماییە دەرچوێندرا.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٠٥٣٨ لە ٢٠٢١/٥/٢٥**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٣)لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریەتی زەویوزاری کریستیانەکان لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و پاش کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەزاری جێبەجێکردنی بڕیاری (٨٣) بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک لە پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك) بە سەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامیەتی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەبەرایەتی (شارەوانی ،کشتوکاڵ) و بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی ( گواستنەوەو گەیاندن ، تۆمارکردنی خانووبەرە ) و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری .

**دووەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی لاوەکی لە گشت یەکە کارگێرییەکان (قائیماقمیەت و ناحیەکان )ی سەر بە پاریزگای (هەولێر و دهۆك ) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێری و نوێنەرانی فەرمانگەکانی (شارەوانی ،کشتوکاڵ ،گواستنەوە و گەیاندن ، تومارکردنی خانووبەرە ) و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و موختاری گوند تایبەت بەو گوندانەی کە کێشەی زەویوزاری هەیە.

**سێیەم:** لیژنەی باڵا لە پارێزگاکان ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات :-

١- چاودێری وبەدواداچوون بۆکارەکانی لیژنە لاوەکییەکان .

٢- پەسەندکردنی پێشنیارەکانی لیژنە لاوەکییەکان

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگا بۆ لیژنەی باڵای وەزاری جێبەجێ کردنی بڕیاری (٨٣)

**چوارەم:** لیژنە لاوەکییەکانی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجی دەکەن

١- وەرگرتنی سکاڵای پێکهاتەی کریستیان لەسەر کێشەی زەویوزار.

٢- دیراسەتکردنی کێشەکان و کۆکردنەوەی گشت بەڵگەکان کە سکاڵاکە دەسەلمێنێت .

٣- پێویستە لیژنەی لاوەکی بە شێوازێکی پراکتیکی بچێتە سەر ئەو زەویوزارە کە سکاڵای لەسەرە بۆ دەست نیشانکردنی ڕووبەر و (واقع حال)

٤- پێشکەش کردنی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە .

٥- بەرزکردنی بۆ لیژنەی پارێزگاکان بەمەبەستی دیراسەتکردن و ناردنی بۆ لیژنەی باڵای وەزاری بەمەبەستی پەسەندکردنی .

**پێنجەم:** لیژنەی باڵای وەزاری پێویستە هەر مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئەنجام بدات و لیژنەی پارێزگاکان هەر (١٥) رۆژ جارێک و لیژنەی لاوەکی هەر (٧) رۆژ جارێك کۆبونەوەی خۆی ئەنجام بدات

**شەشەم:** ماوەی دەست پێکردنی سکاڵا لە لایەن هاوڵاتیانی کریستان لە ٢٠٢١/٦/١ تا ٢٠٢١/٩/١ دەبێت .

**هەفتەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخـۆ**
**ژمارە: ١٢١٩٠ لە ٢٠٢١/٦/١٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترونی و نشینگەی هەرێم**

**ماددەی (١):**
زیادکردنی خاڵی (٤) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (چوارەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:
٤. هەڵگری بەڵگەنامەی تراڤل دیکیومنتی ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە پێویست بە ڤیزەی پێشوەختە ناکات و لە دەروازەی سنوری ڤیزەی هاتنەژووەروە وەردەگرن بەرامبەر ئەو بڕە رسوماتانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**ماددەی (٢):**
هەموارکردنەوەی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (پێنجەم) و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:
هەڵگری بەڵگەنامەی تراڤل دیکیومنت نشینگەی پێ دەدرێت بۆ ماوەی شەش مانگ بەرامبەر پێدانی (٥٠%) لە رسوماتی گۆرینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بۆ ماوەی یەك ساڵ و هەر رسوماتێکی تر کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**ماددەی (٣):**
زیادکردنی بڕگەی (چوارەم) بۆ ماددەی (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:
کەسی بیانی دەتوانێت داوای گۆرینی ئەو سپۆنسەرە بکات کە لە ڤیزەی ئەلیکترۆنی داوای کراوە دوای هاتنە ژوورەوەی بە مەبەستی دەرهێنانی کارتی نشینگە بە مەرجێك بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك رسوماتی گۆرینی سپونسەر بدات سەرەڕای رسوماتەکانی تر کە پێویستە بدات .

**ماددەی (٤):**
زیادکردنی بڕگەی (دەیەم) بۆ ماددەی (یانزدەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:
کەسی بیانی دەتوانێت دوای هاتنەژوورەوەی بۆ ناو هەرێم و پێش وەرگرتنی نشینگە لە ماوەی بەرکاربوونی ڤیزەکەی داوای گۆرینی شوێنی پێدانی نشینگە لە بەڕێوەبەرایەتێکی نشینگە بۆ بەڕێوەبەرایەتێکی تری نشینگە بکات پاش پێدانی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی ئەو خزمەتگوزارییە.

**ماددەی (٥):**

هەموارکردنەوەی برگەی (حەوتەم) لە ماددەی (دوانزدەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**حەوتەم/** ئەگەر کەسی سروشتی یان معنوی خرایە ناو لیستی ڕەش ، گشت مامەڵەکانی ڤیزە و نشینگەی ڕادەگیرێت تا هێنانە دەرەوەی لە لیستی ڕەش، و ئەو مامەڵانەی لە پرۆسەی جێبەجێ کردندان هەڵدەوەشێتەوە و کەسی بیانی دەتوانێت بە سپۆنسەری کەسێکی تری سروشتی یان معنوی بەپێی ڕێکارەکانی ئەم ڕێنماییە نشینگە وەربگیرێت، ئەگەر کەسی بیانی لە ماوەی خستە کەسی سروشتی یان معنوی نیشینگەی کۆتای پێهات ، ئەوا دەکرێت کەسی بیانی مامەڵەی ڤیزە و نشینگەی بەسپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر ئەنجام بدات دوای جێبەجێکردنی مەرجەکان کە لەم ڕێنماییە هاتووە و ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە کەسی بیانی دەدرێت بە هێنانی سپونسەرێکی تر لە بەرواری کۆتایی نشینگەی وە ئەو ماوەیە بە بەخشین لە سزای دواکەوتن ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١١٦٥١ لە ٢٠٢١/٦/١٠**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ماددەی (٦/ بڕگەی(١٣) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٥)ی ساڵی٢٠٢٠ و نوسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٢٦٦) لە ٢٠٢١/٥/٣ و (٤٨٥٢) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٤ و (٧٦٨) لە ٢٠٢١/٢/٨ و دوابەدوای هەردوو نووسراومان ژمارە ٣١٦٣ لە ٢٠٢٠/٢/٣ و ٥٦٩٦ لە ٢٠٢١/٣/٤ ، بڕیارماندا بە :

**یەکەم:** گواستنەوەی شوێنی حەرەمی گوندی (**جمبلکێ**) بۆ ( **مێرگا قەسرێ**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی کانی ماسی – قەزای ئامێدی – پارێزگای دهۆک بە رووبەری (**٤٤,٢,٢٦**) چل وچوار دۆنم و دوو ئۆلک و بیست و شەش مەتر م٢ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (**١/١ سلف**) لە کەرتی (**٦٢**) جمبلکێ وەک لەنەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وە قایعی کوردستان) کاری پێ دە کرێت .

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤ لە ٢٠٢١/٥/٦**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١- پچراندنی سەنتەرەکانی چالاکی و پاراستنی منداڵانی (پێنجوین ، سەیدسادق ، شارەزوور) و(داینگەی شارەزوور) لە رووی ئیدارییەوە لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کومەڵایەتی سلێمانی لە بەر دووری لە سنووری پاریزگایەکە وە هەروەها دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان سە نتەرەکان .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥ لە ٢٠٢١/٦/٨**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١- هێنانەکایەی (استحداث)کردن ( هۆبەی پاراستنی منداڵ – حماية الطفل ) لەسەر میلاکی دیوانی وەزارەت – بەشی پارێزگاری خێزان بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە مافەکانی منداڵان و رێکخستنی ئیش و کارەکانیان .

٢- هێنانەکایەی (استحداث)کردن ( یەکەی پاراستنی منداڵ – وحدة حماية الطفل ) لەسەر بەرێوەبەرایەتی گشتیەکانی سەر بەوەزارەت / هۆبەی پاراستنی منداڵ .

٣- ئەم بەیانە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار رقم (٥) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٨) بتاريخ ٢٠٢١\٤\٢٠، قررنا إصدار:

## القانون رقم (٣) لسنة ٢٠٢١
## قانون استيراد وخزن وبيع المنتجات النفطية
## في إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١):**

**أولاً:** لشركات القطاع الخاص، الوطني أو الأجنبي، المسجلة في إقليم كوردستان، بعد الحصول على إجازة من وزارة الثروات الطبيعية في الإقليم، وحسب المواصفات العالمية التي تحددها الوزارة، استيراد المنتجات النفطية وخزنها ونقلها وبيعها لأغراض الاستهلاك الداخلي، مباشرة أو من خلال وكلاء مخولين. وتشمل هذه المنتجات، كلاً من بنزين السيارات، وزيت الغاز، وزيوت المحركات والشحوم بجميع أنواعها، والغاز السائل، والنفط الأبيض (الكيروسين)، والقير السائل، والبتروكيماويات، وأي منتج آخر تقرره الوزارة.

**ثانياً:** على وزارة الثروات الطبيعية في الإقليم إصدار جداول ملحقة، في صورة تعليمات، مطابقة للمواصفات العالمية للمنتجات النفطية المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (٢):**

**أولاً:** تعاقب كل شركة تخالف أحكام الفقرة (أولاً) من المادة (١) من هذا القانون، بما يأتي:

١- غرامة مالية لا تقل عن (١٠٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة مليون دينار ولا تزيد على (٣٠٠.٠٠٠.٠٠٠) ثلاثمائة مليون دينار.

٢- إذا تجاوزت أرباح الشركة المخالفة بسبب مخالفتها مبلغ (٣٠٠.٠٠٠.٠٠٠) ثلاثمائة مليون دينار، تفرض عليها عقوبة الغرامة بما تعادل ضعفي أرباحها.

٣- مصادرة المنتجات النفطية المستوردة.

**ثانياً:** يدرج اسم الشركة المخالفة ومالكها في القائمة السوداء لوزارة الثروات الطبيعية لمدة سنتين، وتنشر القائمة من قبل الوزارة.

**ثالثاً:** في حالة تكرار المخالفات المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة، تسحب إجازة العمل من الشركة المخالفة وتمنع من مزاولة نشاطها في مجال المنتجات النفطية نهائياً.

**المادة (٣):**

**أولاً**: للشركات المستوردة بموجب أحكام هذا القانون تشييد محطات بيع الوقود ومستودعات خزن للمنتجات النفطية، خاصة بها، وفقاً للضوابط المعتمدة لدى وزارة الثروات الطبيعية، ويجوز لها لأغراض بيع المنتجات النفطية المستوردة استئجار محطات تعبئة الوقود.

**ثانياً**: لا يجوز للشركات العاملة في مجال خزن وبيع المنتجات النفطية المستوردة العمل في مجال خزن وبيع المنتجات النفطية الداخلية.

**ثالثاً**: تعاقب كل شركة تخالف أحكام الفقرة (ثانياً) من هذه المادة بغرامة مالية مقدارها (٥٠٠.٠٠٠.٠٠٠) خمسمائة مليون دينار، وفي حالة تكرار المخالفة تعاقب بغرامة مقدارها (٧٠٠.٠٠٠.٠٠٠) سبعمائة مليون دينار، وتمنع من مزاولة نشاطها في مجال المنتجات النفطية نهائياً، وفي كلا الحالتين تصادر المنتجات النفطية.

**المادة (٤):**

**أولاً**: تلتزم شركات استيراد وبيع المنتجات النفطية وشركات الخزن بموجب أحكام هذا القانون بالشروط الصحية والسلامة وحماية البيئة والسيطرة النوعية.

**ثانياً**: تعاقب كل شركة تخالف أحكام الفقرة (أولاً) من هذه المادة بغرامة مالية لا تقل عن (٥٠.٠٠٠.٠٠٠) خمسين مليون دينار ولا تزيد على (١٠٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة مليون دينار.

**ثالثاً**: في حالة تكرار المخالفة تعاقب الشركة بغرامة مالية لا تقل عن (١٠٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة مليون دينار ولا تزيد على (١٥٠.٠٠٠.٠٠٠) مائة وخمسين مليون دينار، وتمنع من مزاولة نشاطها في مجال المنتجات النفطية نهائياً.

**المادة (٥):**

تتولى وزارة الثروات الطبيعية والوزارات والهيئات ذات العلاقة كل حسب اختصاصاتها مراقبة التزام الشركات بالشروط والمواصفات الواردة في هذا القانون والقوانين النافذة.

**المادة (٦):**

تستمر الشركات المجازة قبل نفاذ هذا القانون في نشاطاتها، وعليها التكيف مع أحكام هذا القانون والالتزام بها خلال مدة (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ نفاذه.

**المادة (٧):**

تستوفى الرسوم الكمركية والضرائب بموجب القوانين والأنظمة النافذة في إقليم كوردستان ـ العراق.

**المادة (٨):**

يختص قاضي التحقيق بالفصل في قضايا المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون، بموجب الأحكام الخاصة بالأمر الجزائي الواردة في قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

**المادة (٩):**

يسمح باستيراد المنتجات النفطية إذا لم يؤمن المنتج الداخلي الاحتياجات الداخلية.

**المادة (١٠):**

على وزير الثروات الطبيعية بالتنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل تأمين المنتجات النفطية بجودة عالية للمواطنين، وحمايتهم من الآثار الضارة للمنتجات النفطية على الصحة العامة والبيئة، وإتاحة فرص متساوية للقطاع الخاص، ومنع الاحتكار، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/٦/١٣**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٣) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، قررنا اصدار القرار رقم (٤) لسنة ٢٠٢١ الذي اصدره برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٩) بتاريخ ٢٠٢١\٤\٢١.

**قرار**
**يوم الصحافة الكوردية**

**أولاً:** اعتبار يوم (٢٢) نيسان من كل عام يوما للصحافة الكوردية.
**ثانياً:** تخلد الجهات ذات العلاقة ووسائل الإعلام والصحافة ذكرى هذا اليوم بإعتباره مناسبة وطنية وتتعاون حكومة الإقليم على إحيائه.
**ثالثاً:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار.
**رابعاً:** يعمل بهذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**
بغية التعريف الرسمي بيوم الصحافة الكوردية، الذي صدر فيه أول عدد لصحيفة (كوردستان) من قبل (مقداد مدحت بدرخان) في (٢٢) نيسان ١٨٩٨ في القاهره، وتقديراً لهذا الدور التأريخي والبارز الذي لعبته الصحافة الكوردية في حماية اللغة والثقافة ومهنة الصحافة ونشر الوعي القومي والوطني وتنمية المجتمع، شرع هذا القرار.

**نيچيرڤان بارزانی**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/٥/٣٠**